# ستراتێژی "تشکیلاتی" حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**بەشی 1**

مەبەست لە ستراتێژی، دارشتنی پلان و بەرنامەی درێژخاینە بۆ گەیشتن بە ئامانج، یان حاڵەتێکی دڵخواز. لە روانگەی ماتماتیکەوە ستراتێژی بە دوای یەکداهاتنی کۆمەڵە "ئەنجام"یەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەهایی. لە زمانی یۆنانی کۆندا ئەو وشەیە بۆ سەرجەم هێزەکانی بەرگری یەک وڵات بەکار هاتووە، کە لە بەرانبەر دوژمندا بەرگری لە وڵاتەکەیان دەکەن. لە سەردەمی ئەنتیک لە یۆنان، ستراتێژی بە مانای هەڵبژاردنی رابەر و فەرماندەی هێزەکانی بەرگری بەکار هێندراوە. هەر بۆیەش ئەم وشەیە زۆرتر بۆ مەبەستی نیزامی بەکار هاتووە و دایم باس لە ستراتێژی نیزامی کراوە و ئەمرۆش بەردەوام دەبیستریّ، بۆ وێنە ستراتێژی نیزامی ئامریکا یان ستراتێژی نیزامی ئێران. مانای راستەوخۆی وشەکە لە زمانی یۆنانی کۆندا وەک فەرماندەی نیزامی هاتووە (Strategos).
هەر لە گەڵ وشەی ستراتێژی وشەی تاکتیک دێت کە لە زمانی یۆنانی دا بە مانای"هونەری دابینکردنی نەزم و ئەو کۆمەڵە تەکنیکە هاتووە کە فەرماندەیەکی نیزامی بەکاری دەهێنێ. دیارە تاکتیک تەنیا لە کاری نیزامیدا بەکارناهێندریّ و زۆر بوار دەگرێتەوە هەر لە تۆپێنەوە بگرە هەتا کایەکردنی شەترەنج و کاری سیاسی و زیاتریش. هەروەها وشەی ستراتێژی زۆربەی بوارەکانی وەک ئابوری، پسیکۆلۆژی، ئینفۆرماتیک ، وەرزش و سیاسەت دەگرێتەوە. ستراتێژی لە سیاسەتدا هەم جێ بەجێ کردنی ویست و ئامانجی سیاسی مانا دەدات و هەمیش مامەڵەکردن لە سیاسەتدا.

من لەو نووسراوەیەدا لە وشەی" ستراتێژی تەشکیلاتی" دەدوێم کە رەنگە هێندێک نامۆ بکەوێتە بەر گوێ، بەڵام بۆ بابەتەکەی ئێمە بە کارهێنانی ئەو وشەیە پڕ بەپێستە. مانای ئەو وشەیەش دەبێت وڵامدانەوە بەو پرسیارە بێت:
**" ئایا ستراتێژی تەشکیلاتی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ پێش خستنی ستراتێژی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی ئەو حزبانە بەکار هاتووە؟".**
هەر لەو پەیوەندییەدا دەکرێ باس لە تاکتیکەکانی تەشکیلاتی ئەو حزبانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتە ئامانجی "ستراتێژی تەشکیلاتی و سیاسی"یان بکرێ.
هەر وەک باس کرا تا ئەو جێگایەی بگونجێ لە سەر لایەنی تەشکیلاتی و کەمتر ستراتێژی سیاسی ئەو حزبان دەدوێم و لە گوێرەی پێویست ستراتێژی سیاسی حزبەکان لە پێوەندی لە گەڵ تەشکیلاتدا باس دەکرێ. بۆ گەیشتن بە ئامانجی نووسراوەکە ئاوڕ لە مێژووی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت 30 ساڵی رابوردوو و ئەمڕۆ دەدرێتەوە.
**سەرجەم باسەکە رێکخستن و ئۆرگانیزەکردن و بەڕێوەبردنی تەشکیلات دەگرێتەوە،**هەر بۆیە بە چڕی باس لە پێشینە و هەروەها تیئۆرییەکانی رێکخستن بە گشتی دەکرێ و لە ژێر سێبەری ئەو زانیاری و ئەو تاقیکردنەوانە کە رۆژئاوا دەیدات بە ئێمە، دێینە ناو باسی رێکخستن لە کوردستان و کەمتر ئێران و زۆرتر رۆژهەڵاتی کوردستان و حزبەکانی ئەمرۆی مەیدانی سیاسەت.
هەرچەند ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام تا ئەو جێگایەی کراوە، سەرجەم باسەکە وا گردوکۆ کراوەتەوە کە لە کەمترین لاپەڕەدا جێگای ببێتەوە.
نووسینی ئەو بابەتە لە لایەن کەسێکی وەک منەوە، درکاندنی رەنجێکە کە بە رۆح و گیانی سێ نەوە، جیل و بەرە لە ئینسانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە باشترین سەرمایەکانی ئەو نەتەوەیەیدا، رۆچووە. زۆر کەس لەو رێگایەدا گیان و ماڵ و داهاتی خۆیان لە دەست داوە، کەسانێکیش بۆیان بووە بە سەرمایە.
نووسینی ئەو بابەتە تەنیا و تەنیا بۆ دوو مەبەستە، یەکەم دووبارە نەبوونەوەی ئەو رابوردووە، دووهەم حەول بۆ گۆڕینی ئەو "نەزم"ەی کە نە لە گەڵ سەردەمی ئێستا دێتەوە و نە لە گەڵ خزمەت کردن بە خەڵک و نەتەوەی کورد.

لە رێگای ئەو نووسراوەیەوە یادی ئەو هاووڵاتیانە وەبیردێنمەوە کە بۆ خۆشبەختی خەڵکەکەیان بە هەر ئیدئۆلۆژی و بە هەر ئایین و مەزهەبێکەوە کە هەیانبووە، کەوتوونەتە ناو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و زۆربەیان گیانیان لە دەست داوە.
تەشکیلات لە هەر چەشنێک، ئاوات و ئامانج نییە. خۆشبەختی و بەختەوەری ئینسان دەبێ مەبەستی سەرەکی هەر رێکخراوە و هەر حزبێک بێ. ئەگەر وانەبێ ، ئەو تەشکیلات و ئەو کۆمەڵە کەسە، ژیانی خۆیان و خەڵکیان دۆڕاندووە و بە فیڕۆ داوە.

برایم فەرشی
نەورۆزی 2708

## پێشینەی ڕێکخستن بە شێوەی خۆڕسک و بە پێی ئامانج

### بە گشتی

ڕێکخستن بە شێوەی زۆر سەرەتایی لە ناو ئینساندا هەبووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئینسان بە شێوەی کۆ دەژی و بە بێ چەشنێک لە ڕێکخستن و قەبووڵکردنی چەشنێک لە نەزم و نیزام، ژیانی هاوبەشی نێوانیان دژوار و پڕ لە کارەسات دەبێ.
ڕەنگە بوونی نەزم و نیزامیش لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا و دەزگا و حزبدا، دژواری و کارەساتی لە دوا بێ. هەر بۆیە دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدینەوە کە ئەو نەزم و نیزامە لە خزمەتی کێ و چی دایە و کێ نەزم و نیزام دادەنێ و بۆ کێی دادەنێ و بە چ مەبەستێک!
پێوەندی خوینی، هاوزمان بوون، هاو ڕەگەزبوون، هەبوونی ئایینی هاوبەش، هەبوونی فکر و فەرهەنگ و تەنانەت ڕەنگی پێستی وەک یەک، یاخود شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوبەش، دەتوانێ ببێتە هۆی دروست بوونی کۆمۆن و کۆمەڵگای جیاواز. هەر کام لەو کۆمەڵگایانەش دەتوانێ شێوەی ڕێکخستن و نەزم و نیزامی تایبەت بە خۆی هەبێ و ببێتە هۆی دیاریکردنی سنوور لە نێوان ئەو کۆمەڵە مرۆڤە و مرۆڤی جیاوازی دیکە. نەزم و نیزامی ناوخۆیی هەرکام لەوانەش ڕەنگە دژ بەوی تر یان هاوتەرز لە گەڵ یەک بن.
هەرکام لەو کۆمەڵە مرۆڤە یەکگرتووانە کە بە عەشیرە و تایفە و عێل و شتی تر ناودێر کراون، بە پێی کات و زەمان و بارودۆخ وەک ڕێکخراوێک دەوری سیاسی و کۆمەڵایەتیان گێڕاوە کە باسی سەرەکی ئەم نووسراوەیە نییە.

### ئایینی

ئایینەکانی یەهودیی، مەسیحی، ئیسلام ، بودایی و زەرتشتی هەر کام شیوە ڕێکخستنی خۆیان هەیە و بەردەوام بەشداریان لە دەستەڵاتی سیاسی و حکومەتی و ئیداری، لە سەردەم و دەورەو زەمانی جیاوازدا کردووە.
فۆرمی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی هەر کام لەو ئایینانە هەمەجۆر وهەمەچەشن بووە. ماوەی چەند هەزار ساڵە جیهان و خەڵکی جیهان بەستراونەتەوە بە فۆرمی تەشکیلاتی ئەو ئایینانەوە، کە ئەوانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە دەستەڵاتی سیاسی و ئابوری جیهان و بەشێکی جیددین لە دەستەڵاتی سەر گۆی زەوی.
سیستمی ڕێکخستنی هەر کام لەو ئایینانە کە تاقیکردنەوەی چەندهەزار ساڵەیان هەیە،لە جیهانی پڕ لە ئاڵۆزی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئابوری ئەمرۆشدا، دەوری جیددیان دەبینن و هەر کام لەو سیستمانە جێگای سرنج و لێکۆڵینەوەن.
بۆ وێنە دەستەڵاتی کلیسا لە ماوەی 2000ساڵی ڕابوردودا یەکێک لەو جۆرە ڕێکخستنانە بووە کە بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە و لە دەستەڵاتێکی ئاشکرا و ڕێکخستنێکی ئاشکراوە، پاش تێپەڕکردنی پرۆسەیەک، گەیشتوتە سەر دەمی ئێستا و بە ڕواڵەت دوور لە دەستتێوەردان لە سیاسەت و دەوڵەت و حکومەت و ئابووری کار دەکات.
بەڵام فکر وسیستمی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی و ئۆتۆریتەی ئایینی کلیسا، لە سەر سیاسەت و دەزگاکانی سیاسی و قەزایی و حکومەتی و پەروەدە و بازار و ئیقتیسادی جیهان، کارتێکردنی خۆی هەیە کە بە ڕواڵەت بەرچاو ناکەوێت و نادیارە، ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەوەی بزانین ڕێکخستن لە سەردەمی ئێمەدا دەبێ وڵامی سیستمی تێکچرژاو و هەمەلایەن و پڕلە ئاڵۆزی و پڕ لە مەسەلەی سەردەمی ئێمە بداتەوە، بۆ ئەوەش گۆڕانکاری لە سیستمی تەشکیلاتدا بە پێی سەردەم و باردۆخ، ئەمرێکی بێ ئەملا وئەولایە. وەختێ سیستمی تەشکیلاتی کلیسا کە بەناوی خوداوە بە خەڵک دەفرۆشرێ، دوچاری گۆڕانکاری ببێ، ئێتر گرفت چییە لە سەر ڕێگای گۆڕینی تەشکیلاتی حزبێک!

### ئیداری

ڕێکخستنی ئیداری و بەڕێوەبردنی حکومەتی لە سەردەمی یەکەمین ئیمپراتورییەکانەوە هەبووە، کە بە پێی مێژوو لە ئیمپراتوری مادەکانەوە دەست پێدەکات. ئەو تاقیکردنەوانە پاشان دەگاتە شوێنی دیکە لە وانە وڵاتی یۆنان و ڕۆمی کۆن. لەوێ لە بواری جیاجیای زانستی و پەروردە و سیاسی و پارلەمانیدا، پەرە دەستێنێ و تێکەڵ بە بیر و فکر و ئامانج و فەلسەفە دەبێت و دیاردەی خەڵک، واتە" فۆلک" لە ڕێکخستنەکاندا مانا پیدادەکەن، بە تایبەت لە ناو پارلەمانەکانی شاری ئاتن، کە لەوێوە دیاردەی دێموکراسی و مافی هاووڵاتی بوون دیاری دەکرێ.
حکومەتەکان بە پێی دەستەڵات و بە پێی بەربڵاوی و بە پێی مەبەست و ئامانجیان، دەزگا و تەشکیلاتی تریان ساز کردوە لە وانە دەزگای نیزامی، دادوەری، ئیداری، قانوونگوزاری ، پەروردە و هەتا دوایی، کە هەرکام بە پێی ئامانجیان فۆرمی تایبەت بە خۆیان هەبووە وهەیە.

### پیشەیی و هەمەجۆر

بێجگە لەو چەشنە ڕێکخستنانەی کە لە سەرەوە باسکرا، خەڵک و هەر بەشەی لە خەڵک بە گویرەی پیشە و کارو جۆری ژیان، ڕێکخراویان بۆ خۆیان ساز کردوە، جا هەر لە ڕێکخراوی سوراکارانەوە، هەتا وەرزشکاران و

ماسیگران و راوچیان و جۆری تر. لە ئوروپا زیاتر لە 500 هەتا 700 سال مێژووی ئەو چەشنە رێکخستنانە هەیە، بەلام هەر ئەو چەشنە رێکخراوانەش زۆرتر لە ناوەراستی سەدەی 18 بەو لاوە لە ولاتانی ئوروپایی پەرەیان ساندوە و لە ناوەراستی سەدەی 19 لە بەرگ و جامەی "اتیحادیە" و پاشان وەک حزب خۆیان نواندووە. کە دواتر باسیان دەکەین.

هەر وەک دەبیندرێ رێکخستن و رێکخراوە دروستکردن هەموو پانتای ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە و کوردیش لەو مێژووەدا بەشدار بووە و بگرە دەوری جیهانی لە مێژووی کۆندا هەبووە و تاقیکردنەوەکانی گویزراونەتەوە بۆ ولاتانی تری جیهان، بەلام ئەو جیهانەی کە پێشتر کورد هەیبووە، روخێندراوە و جیهانی ئێستاشی بە دوور لە تاقیکردنەوەکانی پێشووی تێدەپەرێ.
*** بەشی یەکەمی ئەم وتارە کە هەفتەی پێشتر بلاوکرایەوە، وا دارێژرابوو کە تێکەلێک بێ لە بابەتەکانی گشتی و بابەتەکانی حزبەکانی کوردستان، بەلام پاش بیستنی بیروڕای ئەو کەسانەی خویندویانەتەوە، وام بە باش زانی هەر لە سەر ئوسلوبی بابەتەکانی پێشووم کە بلاوکراونەتەوە، ئەو بابەتە بلاوبکرێتەوە. هەر بۆیە بەشی تایبەت بە کوردستان لە درێژەی نووسراوەکەدا دێت بۆ ئەوەی سیستمی نووسراوەکە یەک دەست بمێنێتەوە.
**درێژەی هەیە ...**

بیروبۆچوونەکانتان تکایە بەو ئادرەسە بینێرن:
redaktion@bokan.de

**بەرکولێک لە سەردێری بابەتەکانی بەشەکانی داهاتوو :**

تیئۆری
ئۆرگان Organ
ئۆرگانیزاسیۆن Organisation
تیئۆری ئۆرگانیزاسیۆن
تیئۆری تایلۆر
ترانس ئاکسیۆن کۆستن تیئۆری Transaktionskostentheorie
خۆرێکخستن Selbstorganisation
زیتواتیڤ Situativ Theori
تیئۆری بوروکراتیک
سیستم تیئۆری Systemtheorie
پرنسیپ- ئاژانس- تیئۆری,Prinzipal-Agent-Theorie
مۆدێلی سەتل Mülleimer-Modell مۆدێلی دۆلچە
هومان ریلاسیۆن بێویگونگ
رێکخستن لە سیستمی ئیداریی ئیقتیسادا
روانگای دەزگا:
روانگەی فۆنکسیۆن
روانگەی کەرەسە
ئۆرگانیزاسیۆن لە زانستی سیاسیدا
تیئۆری و مێژوو
سیاسەت
حیزب
دیکتاتۆری حیزبی
دەفتەرچەی حیزبی
چەند روانگەیەکی تر لە سەر حزبایەتی
حزبی سیاسی
کۆنترین حزبەکانی سیاسی
پرۆژەی سیاسی کورد
مێژوو:
مێژووی رێکخستنەکانی کریکاری لە ئالمان
مێژووی سازکردنی کۆر و کۆمەل لە ئوروپا
بریتانیا
ئالمانی یەکگرتوو و هێلیکانی سیاسی
سۆسیال دیموکراتەکانی کۆن
کۆنترین حزبی ئالمان"حزبی ناوەند"

سیستمی حزبی سوسیال دێموکراتەکان و چارتی تەشکیلاتیان
ساختاری حزبی سوسیال دێموکراتەکان
رییس و رابەری حزب
سکرێتێری گشتی
بەرپرسی ماڵی
دەستەی کارگێڕ
کۆمیتەی ناوەندی
شورای حزب[پارلەمانی حزب]
کۆنگرە
کۆمسیۆنی بڕیاردەر
کۆمسیۆنی کۆنترۆڵ
بەڕێوەبەری کاروبارەکانی حزب ، سکرێتێری گشتی حزب
چۆنیەتی ئیدارەکردنی هەڵبژاردنەکان
پارتی سەوزەکان
حزبی ناوەند
شێوەی ئەندامەتی لەو حزبەدا:
مەرجەکانی ئەندامەتی بریتین لە:
ئەرکەکانی ئەندام
ئێران و وەبیرهێنانەوە
رۆژهەڵات و حزبایەتی

شێوەکانی رەخنەکردنی کۆماری ئیسلامی لە ناو حزبەکانی کورد و حزبەکانی ناوچە

## حزبەکانی رۆژهەڵات و رێکخستنی جیهانی